


# باڵندەی ڕەنگامەی ڕەوایەت

## خوێندنەوەی کۆمەڵە چیرۆکی «ئەو باڵندە بریندارە کە منم»

موراد ئەعزەمی

ژانری داستان (ڕۆمان، چیرۆک، نۆڤلێت) لە قەوارەی سێ قۆناغی زەمانی (ڕابردوو، ئێستا، داهاتوو) و لە ناو سێ گوتاری (بیرەوەری، واقیع، فانتازیا)دا ڕەوایەت دەکرێ. ئەدەبی داستانی، بە گشتی گێڕانەوەیە چ تێپەڕیبێ، چ لە حاڵی ڕوودانیدا بێت و چ هێشتا ڕووی نەدابێ، ڕووداوێکە کە لە زەینی نووسەردا ڕووی داوە و تەواو بووەو ئێستا دەگێڕدرێتەوە، ئەگەرچی ڕۆمانە فانتازیاکانی (ژول ورن یان ئاسیمۆف) بێت. سەرەکیترین پێناسەی ئەدەبی داستانی، ڕەوایی بوونیەتی. دواجار لە بەستێنی ئەم ڕەوایەتەدایە کە کەسایەتییەکان، ڕووداوەکان، وردەڕەوایەتەکان، دیالۆگ و فەزا و دیاردەکان دەور دەگێڕن. گێڕانەوە لە پۆلێنبەندییەکەی «ژێرار ژێنێت»دا، سێهەمین ڕەگەزی بەرهەمهێنەری چیرۆکە. دوو ڕەگەزەکەی دی «گوزارش» و «داستان»ە.



ڕەگەزی گوزارش بریتییە لە تەکووزی ڕووداوەکان لە ناخی دەقدا کە لە گوتاری فۆرمالیستیدا بە گەڵاڵە (طرح) ناودێر کرابوو. لایەنی (داستان)، تەکووزی ئەم ڕووداوانەیە لە جیهانی دەرەوەی دەقدا، بەڵام گێڕانەوە شێوەی گوڵچین کردن و لە پاڵ یەک دانانی ئێلێمانەکانی داستانە. گێڕانەوە، کۆی ئەو گوزارە ڕەواییانەن کە لە لایەکەوە پێوەندیدارن بە تێم و بابەتی گێڕانەوەو لە لایەکی دیکەوە وەک پەیڤ، پەیوەندییان هەیە بەو مەنتیقە ڕەواییەی هەڵبژێردراوە. گێڕانەوە خۆی وەک هەستییەکی تەوەرەیی لە ژیانی چیرۆکدا (لەو پێناسەیەی ژێنێت دەیداتە دەست) خاوەنی پێنج ئێلێمانی سەرەکییە:

١ـ تەکووزی داستان

٢ـ بەردەوامیی گێڕانەوە (تداوم روایت)

٣ـ چەند پاتەیی یان دووپاتەبوونەوەی گێڕانەوی ڕووداوەکان.

٤ـ ئاراستەی ڕوانگەی گێڕانەوە

٥ـ لەحن

هەڵبژاردنی بابەتی گێڕانەوە وەک تەوەرەی باسی ئەم وتارە، هەڵبژاردنێکی بێ بەهانە و دڵخوازی ڕەها نییە. ئەم هەڵبژاردنە بە پێی ئەو پێناسەیەی ئەنجام دراوە کە دەق خۆی ڕێنوێنیمان دەکاتێ. دەقی کۆمەڵە چیرۆکی (ئەو باڵندە بریندارە کە منم) بەو ڕەفتارە ڕەواییانەی هەیەتی، خۆی بە دەقێکی داستانی (گێڕانەوە تەوەر) دەسەلمێنێ. ئەتا نەهایی دوای باڵندەکانی دەم با و ئەم جارە «ئەو باڵندە بریندارە کە منم»، سەلماندوویەتی لە کار کردن لە تەک ماکەی گێڕانەوە، پسپۆڕێکی نەترسە.

هەڵسوکەوتی جەسوورانە لە تەک ڕاوی ، گۆشە نیگا، ڕەوایەت و....، یەکێکە لە کەڵکەڵەکانی سەرەکیی نەهایی لە دەقەکانیدا.

هەر کام لە چیرۆکەکانی کۆمەڵە چیرۆکی «ئەو باڵندە بریندارە کە منم» خاوەنی چەند ماکەی سەرەکییە:

١ ـ ڕووداوێکی سەرەکی کە جاری وایە خاوەنی چەند ڕووداوی لاوەکییە.

٢ـ ڕاوییەکی سەرەکی جاریش، چەند ڕاوی لاوەکی.

٣ ـ شێوە ڕەوایەتێکی تایبەت بۆ گێڕانەوە.

تەکووزی داستان واتە دەربڕینی داستان (گەڵاڵەی پێشین) بە مەنتقێکی ڕەوایی و «زمانمند» لە چیرۆکەکاندا کارکردی جۆراوجۆری هەیە. (ژێنێت) سێ جۆرە تەکووزی زەمانی بۆ چیرۆک دەستنیشان دەکات:

١ـ پێشبینی

٢ـ گەڕانەوە

٣ـ زەمان شپرزەیی

١ـ تێرمی پێشبینی، بۆ ئەو چیرۆکانە دەکار دەکرێ کە ڕەوایەت لە کۆتایی ڕووداوەوە دەستپێدەکا و لە قۆناغی ئاخرڕا ئەگەڕێتەوە بۆ دواوە.

بۆ نمونە چیرۆکی «فیل»ی ڕیمۆند کاروێر کە لە کۆتاییەکانی «داستان»ەوە دەستپێدەکا و دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتا تاکو دەگاتەوە قۆناغی دەسپێکی چیرۆک، بەمجۆرە مۆدێلێکی بازنەیی دەداتە دەست.

چیرۆکی دووهەمی ئەم دەفتەرە «ئەو باڵندە بریندارە کە منم» -کە کۆمەڵە چیرۆکەکە بەم چیرۆکەوە ناودێر کراوە- لەم شێوە تەکووزییە کەڵک وەردەگرێت و دەکەوێتە خانەی «پێشبینی»یەوە. ڕەوایەت لە ڕووداوی سەرەکیی چیرۆک (کوژرانی کاوە بەدەستی کچە شاعێری هاوسەری) کە لە ئاخردا دەردەکەوێ خەونە نە واقیع ـ دەست پێ دەکا و لەمەودوا چیرۆک دەگەڕێتە دواوە چۆنیەتیی ڕووداو لە چەند گۆشەنیگای جیاوازەوە (ژنیە شاعیری هاوسەری

# گۆڕانی شێوەی رەوایەت و پەیڤ بە پێی دۆخ و شوێن_کات، نادیارترین ئێلێمانی چیرۆکەکانی ئەمڕۆی کوردییە

کاوە، مەستوورە، راوی گشتی) دەگێڕدرێتەوە.
لە یەکەم چیرۆکی دەفتەرەکەدا (رازی پشت پەردەی نارنجی) رەوایەت دوای دارشتنی وێنەی جەماعەتی ورووژاو، دەپچڕێ و دەچێتە سەر دەربڕینی هۆی ئەم ورووژانە، ئەم شێوەیەش دەکەوێتە خانەی شێوەی «گەڕانەوە».
بۆ نموونە لە چیرۆکی «زنی کە مردش را گم کردە بود»ی «هیدایەت»، سەرەتای چیرۆک باسی ژنێک ئەکات و خەریکە لە مێردەکەی دەگەڕێ و دوایە لە فلاشباکێکدا، چیرۆک دەگەڕێتەوە دوایە و باسی چۆنیەتیی ئاشنابوون و زەماوەندکردنیان و... دەکا. تاکو دەگاتەوە تێمی سەرەکیی رەوایەت واتە سەرگەردانی ژنە لە دوای مێردەکەی.
ساتەوەختی واش هەیە کە مەودایەک دەکەوێتە نێوان زەمانی رەوایەت (گێڕانەوە) و زەمانی داستان، ئەم دوو خەتە زەمانییە پێکەوە ناچنە پێش، ئەم شێوە رەوایەتییە دەکەوێتە ناو خانەی «زەمان_ پەرێشی»یەوە، ئەم شێوەیە لە «چیرۆکێک بۆ خوشکی رەحمەت»دا حزووری هەیە و لە زمان چەند راوییەوە، زەمانی داستان رادەوەستێ و زەمانی رەوایەت بەردەوام ئەگەڕێتەوە دواوە و ئەم دوو خەتە رەوایییە لێک هەڵدەبڕێن.
نەهایی لە هەڵسوکەوتی خۆی لە تەک ئێلێمانی «زەمان»دا، بە دەکارکردنی راویگەلی جۆراجۆر سەبارەت بە یەک رووداوی سەرەکی هەر جار سووچێک و لایەنێک لە رووداو و دیاردەکانمان بۆ وێنا دەکات. دیاردە و رووداوەکان، هەر جارەی لە پێوەندیی لە تەک «کات»ی تایبەتیی خۆیان دەبنە خاوەنی پێناسەیەکی جیاواز. وەک قەتارە بەناوبانگەکەی سۆسۆر، کە هەموو شەوێ، کاتژمێر هەشت و چل و پێنج خولکە، لە ژێنێڤەوە بۆ لای پاریس وەڕێدەکەوێ، کە ئەم قەتارەی سۆسۆر، لە زمانناسیدا هەر «قەتار»ە و بەس، بەڵام لە چوارچێوەی پەیڤی ئەدەبیدا ئەمە «هەموو شەوێ قەتارێکە». رووداوی مەرگی رەحمەت لە « چیرۆکێک بۆ خوشکی رەحمەت»دا هەر جارە و لە قەوارەی زەمان و زمانی راوییێکەوە رووداوێکی تاقانەیە و جیا لەوانی دی و خاوەن هەستێکی تایبەت بە خۆیەتی. ئەم شێوازە لە مەرگی عەلا چیرۆکی «ئێوارەی رۆژی چواردەی مانگ»یشدا حزووری هەیە.
راوییەکانی نەهایی لەم کۆمەڵە چیرۆکەدا دەورێکی بەرچاویان هەیە و هەر جارە و بە شێوەیەک وجودی خۆیان سەبارەت بە هەستی چیرۆک دەسەلمێنن .
راویی «رازی پشت پەردەی نارنجی»، «من»ێکی هەمووشتزانە، کە هەر ئەوەندەیە بەردەنگی «مامۆستای قوتابخانە»یە و بەس، دەنا لە واقیعدا کەسایەتییەکی ناو چیرۆک نییە و لە دەرەوە و لە شوێنێکی بەرزەوە لە چیرۆک دەڕوانێ و رەوایەت دەکا و لە دەوروبەری ئەم کەڵە راوییەدا ورکە راوی وەک مامۆستای گەنجیش دەور دەگێڕن.
چیرۆکی «ئەو باڵندە بریندارە کە منم» خاوەنی چەند راوییە «مەستوورە، ژنی کاوە، راویی گشتی»، کە هەرسێکیان بە لەونێک لە یەک ئاستدان (یان لانی کەم لە زۆربەی بەشەکانی چیرۆکدا وایە)، بەڵام ناو بە ناو راویی گشتی لەم شوێنگەیەوە خۆ هەڵدەکێشێ و دەچێتە ناخی کەسایەتییەکان و حوکم دەدا:
«ئەو نەیزانی ئەبێ چ وەڵامێکی بداتەوە، رەنگە خۆشی ویستبێ. نەک عاشقی بووبێ. بەڵام کاوە عاشقی بوو.» (ل٣٤)
یان:
«کاوە ئەیزانی مەعامەلەی وا لەگەڵ ئەو شیعرە و لەگەڵ شاعیرەکەی، تەنانەت ئەگەر ژنەکەی خۆشی




راوییەکانی نەهایی لەم کۆمەڵە چیرۆکەدا دەورێکی بەرچاویان هەیە و هەر جارە و بە شێوەیەک وجودی خۆیان سەبارەت بە هەستی چیرۆک دەسەلمێنن



بێ ناكرێ...» (ل٤٥)
یان :
«كاوه لەوه نەئەترسا. كەسی تر و كەسانی تر لەو حەز و خواست و هەسته بگەن» (ل٤٦)
ئەم راوییه گشتییه لەو جۆره راوییانەیه كه وەك راوییەكی دەرەوەی چیرۆك حزووری هەیه و له ناو چیرۆك و رووداوەكانیدا غاییه. له «چیرۆكێك بۆ خوشكی رەحمەت»یشدا، راوییەكی سەرەكی حزووری هەیه و سەر له بەری رەوایەت و ورده رەوایەت و رووداوەكان دەتەنێتەوه. ئەم راوییه جگه له سەرەتاو كۆتایی چیرۆكدا، ونه و ئێمه هەر دەنگی دەبیسین و بۆ خۆی غاییه. له یەكەم رستەدا بەم جۆره شوێنپێی خۆی به جێ دێڵێ: «تا ئێستاش ئێمه نازانین ئەو گۆڕه كه رۆژی دوای بۆمبارانەكه كابرا ژنەكەی بردبۆوه سەری و گوتبووی: ئەمەش گۆڕی تاقه كوڕەكەمان. ده ئێستا با دانیشین و تێر بۆی بگرین و بیلاوێنینەوه، به راستی گۆڕی رەحمەت بوو یان نا؟» (ل٥٤)
لەمەو دوا ئیتر ون دەبێ و له دەرەوەی چیرۆك رادەوەستێ و له ئاستێكی بەرزترەوه دەڕوانێته رەوایەت و بۆمان دەگێڕتەوه.
بەر لەوەی بگەینه كۆتاییەكانی چیرۆك و بۆمان روون بێتەوه كه سەر له بەری ئەم چیرۆكه به داستانیكردنی واقیعێكه، چەند قەرینەمان له ناو رەوایەت دەداته دەست، بۆیه ئەم راستییه: «تەیارەكان تەواو نزیك بووببوونەوه. ئەوەنده نزیك كه خەلەبانەكانیان رەحمەتیان دەدی دۆخێنی پانتۆڵەكەی كردبووەوه...» (ل٦٩)
نموونەی ئەم شێوه «روانگه»و گۆشەنیگایه، له حەقایەتەكانی «هەزار و یەك شەو»دا دەبینرێ، كه «شەهرزاد» راویی گشتیی حەقایەتەكان، رووداوەكان دەگێڕێتەوه، بەڵام بۆ خۆی له ناخیاندا حزووری نییه. له چیرۆكی «رۆژانی وەرەسی»دا راویمان نییەو نووسەر له زمان كەسایەتیی سەرەكیی چیرۆك (پیرەمێردی رەوایەت) دەگێڕێتەوەو ئەم كەسایەتییه، خۆی كاراكتێرێكه خاوەنی حزووری تۆخ و ناوەندیی چیرۆك، بەڵام راوییەكی «شەشدانگ» و راستەوخۆ نییه.
ئێلێمانی «لەحن»، واته گۆڕانی شێوەی رەوایەت و پەیڤ به پێی دۆخ و شوێن_كات، نادیارترین ئێلێمانی چیرۆكەكانی ئەمڕۆی كوردییه. گۆشەنیگاكان، رووداوەكان، كەسایەتییەكان و دۆخەكان دەگۆڕێن، بەڵام «لەحن» و شێوەی گێڕانەوه هەر هەمان شێوەی پەیڤی نووسەره، ئەم حەقیقەته كه پۆلیفۆنیك و پلۆراليسمی ئەدەبی ،نەك هەر به گۆڕانی گۆشەنیگا و خولقاندنی راویگەلی جۆراوجۆر و كەسایەتیی جیاواز، بەڵكو به خولقاندنی لەحن و پەیڤی جۆراوجۆر و دەنگی سەربەخۆ دەخولقێ، هێشتا له ناو عەقڵانییەتی داستانی ئێمەدا جێی خۆش نەكردووه.
له زۆربەی دەقه داستانییەكانی ئێمەدا، تاكدەنگیی زاڵی نووسەر (راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ)و پەیڤ و لەحن، داسەپاوته سەر تەواوی دەنگەكان.
عەتا نەهاییش به دەگمەن له دەست ئەم زەینیەته (تۆتالیتار)ه دەرباز‌بووه. چیرۆكی «ئەو باڵنده بریندارە كه منم»، لەم چركه ساته دەگمەنانەیه كه له هەندێك شوێنیدا نەهایی توانیوییەتی لەحنی جیاواز و بەنیسبەت كەسایەتی و دۆخ بخولقێنێ. دەنگی مەستووره، به پێكهاتەی تاقانەی گوزارەكانییەوه دیاره، تەنانەت ئەگەر قەرینەیەكیش بۆ سەلماندنی ئەم راستییه كه گوزارەكه هی مەستوورەیه، حزووری نەبێ:




«منی کەمینە بۆ پتەوکردن و چەسپاندنی نێوان تەبایی و نێوان کۆکی بنەماڵەکان بەند و بەندەواری هاوسەریم لەگەڵ خوسرەو خانی والیدا سەروبەر نرا و بەوپەڕی شان و شکۆوە پێم هاویشتە حەرەمسەرایەوە» (ل٤٠)

ئێلێمانی «بەردەوامی گێڕانەوە» (تداوم روایت)، لە چیرۆکەکانی نەهاییدا، لەگەڵ مەنتقی گێڕانەوە، یەکیان گرتووە. ئەم ئێلێمانە، لە ژانری رۆمان و ژانری کورتە چیرۆکدا، خاوەنی دوو پێناسە و دوو کارکردی جیاوازە. کاتێ باسی کورتە چیرۆک دەکەین، دیارە باسی پاژێکی بچوک لە دیاردەی زمان دەکەین، بە گوتەی «وی.ئێس.پریچێت»، «کورتە نیگایەک لە گۆشەی چاوەوە لە یەک چرکەساتدا»، دیارە لەم مەودا کورتەدا، فرسەتی زۆر بۆ دابڕان لە خەتی گێڕانەوەو وەسف و پێداهەڵاگوتنی دیاردەکان نییە. بەڵام نووسەر دەبێ ئەم توانایيە هەبێ کە شوێن__ کاتی خێرابوونی گێڕانەوەو چرکەساتی هێمنبوونی ئەم خەتتە بناسێ و رەچاوی بکا.

بەرچاوترین کارکردی ئەم ئێلێمانە لە چیرۆکی ئەمڕۆی فارسیدا، لە کورتە چیرۆکی «روز اسب ریزی» کۆمەڵە چیرۆکی «یوز پلنگانی که با من دویده اند» نووسینی «بیژن نجدی»دا دەبینندرێ. رەوایەت ئارام و هێمن بە وەسفی فەزا و کاراکتێرەکان دەست پێدەکا. ئەو کاتەی رووداوەکان لە سەر یەک دێن و دەڕۆن، گێڕانەوەش خێراتر دەبێ و گوزارەکان کورتتر و کار(فعل)ەکان دینامیکتر دەجووڵێنەوە.

جگە لە خێرایی گوزارەکان و دیاردەکان، رەوایەت بە گۆڕینی خێرا و بەردەوامی گۆشەنیگاکان (لە منەوە بۆ ئەسپ و لە ئەسپەوە بۆ من)، خەسڵەتی خێرابوون دەدا بە گێڕانەوە، بەڵام لەو جێگایەدا کە خەریکە هاوکات لەگەڵ گێڕانەوە، فەزا و کەسایەتییەکانیش رەنگڕێژی دەکا، گوزارەکان درێژتر، کارەکان ستاتیکترو بە گشتی گێڕانەوە، هێمن تر دەبێتەوەو لەحن بە تەواوەتی دەگۆڕێ. کارەکان ئیتر هەڵگری گۆڕان و جووڵە نین و بە شێوەی وەسفی کار دەکەن. لە هەندێک جێگادا، دەقی چیرۆکی نەهایی بەم شێوەیە، دڵەڕاوکێی ناو دەق ئەگوێزێتەوە ناو زەینی نووسەری چالاک:

«من گوێم نەدەدایە. نەک هەر بەوەی پیرێژن دەیگوت، گوێم بە نیگەرانی و تووڕەیی خەڵکەکەش نەدەدا، نەمدەدین. نەمدەدین چۆن هەموو جووڵە و بزووتنێکم لە ژێر چاودێریان دایە...» (ل٢٥)

ئەم کارکردە لە چیرۆکی ئەو «باڵندە بریندارە کە منم»یشدا بەرچاوە: «من هەستام و هەڵات، بەرەو تۆ نا، بەرەو پۆستەرەکەت و دەستم هەڵبڕی و لە سنگی دیوارەکەم کردەوە و بە هەموو هێزم بە زەویمدا کوتا، قاپەکەی شکا و شیشەکەی ورد و خاش بوو.» (ل٥٢).

ئەم جۆرە کارلێکەری «کات__گێڕانەوە» هەندێک جار بە عەقڵییەتێکی رۆمان نووسانەوە نیسەی بە سەر سوژەی عەتا نەهاییدا کێشاوە و لە کارکردی کورتە چیرۆکی خۆی دوورکەوتووەتەوە. بازدانی «کات» لە یەک دوو رستەدا بە مەودای چەند ساڵان، لە قەوارەی کورتە چیرۆکێکدا، پێکهاتەی ئۆرگانیکی دەق تێکدەداو درزی تێداوێ: «باسی ئەوەی بۆ دەکا کە بە تەمایە دوای وەرگرتنی دیپلۆمەکەی بچێتە دانشگا. ساڵەها لەوە دواش باسی کوڕێکی بۆ دەکا کە لە دانشگا دەیناسێ. کوڕێکی شەرمن و میهرەبان کە جارجارە شێعری بۆ دەڵێ، جارێکیش چیرۆکێکی خۆی پێشکەش دەکا. باسی زۆر شتی بۆ دەکا. خۆشی دەوێ و قەرارە بچێتە خوازبێنی» (ل٥٧-٥٨)

گواستنەوەی گۆشەنیگا لە کچێکی مێرمنداڵی قوتابی، بۆ کچێکی گەنجی خوێندکاری زانستگا کە



خەریکە شوو دەکا، لە مەودای یەک دوو رستەدا، زەوقی ئێستاتیکایی خوێنەر تێکدەدا. ئەم تەمهیدە کاتێک لە قەوارەی رۆمانێکی وەک «زمان از دست رفته»ەی «مارسیل پرۆست»دا دەکار دەکرێ و لە سێ رستەدا، دوازدە ساڵ باز دەدا و بە پێچەوانە لە سەد و نەوەد لاپەڕەدا تەنیا وەسفی دوو سێ کاتژمێر دەکا، لەگەڵ مەنتقی داستانی دەگونجێ، بەڵام ئەم بازدانە زەمانییە لە چوارچێوەی کورتە چیرۆکێکدا دەلالەت دەکاتە سەر مەنتقێکی رۆماننووسانەی زاڵ بە سەر زەینی نووسەری کورتە چیرۆکدا.

ئەو رەفتارەی لە کۆی رەوایەتی چیرۆکەکانی «ئەو باڵندە بریندارە کە منم»دا بەر چاوە، نەبوونی دۆگمی رەوایەتی و غیابی قەتعییەت و جاری بوونی رۆحی گومان و ئەگەرە. لە کورتە چیرۆکەکانی «چیرۆکێک بۆ خوشکی رەحمەت و» و «ئێوارەی رۆژی چواردەی مانگ»دا، یەک رووداوی تاک، لە چەند گۆشەنیگاو بۆچوونی جیاوازەوە دێتە دەربڕین و راوی بە دوو شێوە جێگە سپییەکانی رەوایەت بە گومان و بۆ چوونی خۆی پڕ دەکاتەوە. لە دەقی «چیرۆکێک بۆ خوشکی رەحمەت»، مێردی خوشکی رەحمەت کە چیرۆکنووسە و خەریکە چیرۆکی کوژرانی رەحمەت دەنووسێ، رەوایەتە جیاوازەکانی «خوشکی رەحمەت، باوکی و خاڵۆی و...» وەک پازێڵێک لە پاڵ یەک دادەنێ و لە بەینا بەینیشدا خۆی ئەو جێگایانەی کە لەم رەوایەتانەدا سپی و نەکوتراوە، پڕیان دەکاتەوە:

«رەنگە چیرۆک بتوانێ ئەو گومان و دڕدۆنگییەی خێزانی بە لایەکدا بخات» (ل٥٧)

ئەوجار بە گومانەوە شوێنە بەتاڵەکانی رەحمەت پڕ دەکاتەوە: «رەنگە چاوەڕوانبوو شتێکی قورس، زۆر قورسی بەر بکەوێ و چاوەڕوان بوو...، ئەرێ چاوەڕوان بوو بکوژرێ و نەکوژرابوو...» (ل٧٠)

جارێکی دیش، رەوایەت، شوێنە سپی و نەنووسراوەکانی مێژوو دەنووسێتەوە.

لە چیرۆکی ئێوارەی رۆژی چواردەی مانگدا، راوی خۆی لە قەوارەی چیرۆک (بەڵام نەک چیرۆکی عەلا) دا حزووری هەیە و بەرەو دێ وەڕێ دەکەوێ و هاوکات رەوایەتی دایە خانم و عەلای برای دەگێڕێتەوە . هەر لە سەرەتای گێڕانەوەدا لە راست بوونی چیرۆکەکە دڕدۆنگە:

«لێت ناشارمەوە، هەرگیز لە راست و ناڕاستی رووداوەکانی ئەم چیرۆکە نەگەیشتووم...» (ل٧٧)

بەدرێژایی گێڕانەوەکەیدا بە حزووری واژەی دژە قەتعیەتی (حەتمەن) زەینی بوون و ناحەتمی بوونی گێڕانەوەمان دەداتە دەست:

«ئێستا حەتمەن لە ساڵرۆژی مەرگی عەلای برام -ئاخ عەلا- تاڵە قژە سپییەکانی ئاواز، ئەوەندە زۆر بوون کە دایکی لەم سەر بۆ ئەو سەری ژوورەکە بیانبینێ...» (ل٧٨)

«دایە گیان لە جیپە کە دابەزیوە حەتمەن..» (ل٧٩)

«ئاواز بێ ئۆقرە و نائارام لە سوچێکی تاریکی ماڵەکەوە بۆ سووچێکی تاریکیتر و چەند جاریش خۆی بە ژووری دایە گیاندا کردووە حەتمەن.» (ل٩٢)

لەم دەقەدا، دالی «حەتمەن» بە دەلالەتێکی دژی حەتم و قەتعییەت بارگاوی بووە . کاتێ راوی دەڵێ «حەتمەن وای کردووە» نیشانەیەکە بۆ ئەگەری حزووری چەند جۆری دیکەی رووداو، کە راوییەکیانی بە زەینییەتی خۆی لە ناو کۆی ئەگەرەکان هەڵبژاردووە و لەوانەیە ئەوەیش دروست نەبێ و ئەگەرێکی دی لە واقیع نزیکتربێ.

لە چیرۆکی «ئێرە ماڵی ئێمەیە» واقیع و خەیاڵ لێک دەئاڵێن و رەوایەت دەکەوێتە ناو بازنەیەکەوە کە هەر جارەی دەگەڕێتەوە بۆ نوختەیەک، بۆ مێژووی

هاوبەشی مرۆڤەکانی چیرۆک، زنجیرەی مێژووی هەڵەبجە لە بیرەوەریی فەرامۆشکراوی مرۆڤەکاندا، کە هەموو هەر وێک دەچن (رێبوار، هیواو...) دەگەنە سەر یەک رابردووی هاوبەش. ژیانی لاوێکی جەورئاوایی کەرکوک (هیوا)، تێکەڵ بە رابردووی زاوای هەڵەبجە، (رێبوار) دەبێت. رەوایەت لێرەدا، فەرامۆشی دەسرێتەوە و ناهۆشیاری بە کۆمەڵی مرۆڤ وەخۆ دەخات. خوێنەر سەری سوور دەمێنێ کە بە راستی رێبوار هەر هیوایە یان نا؟ لە چیرۆکی «تاسە»دا خەیاڵ و واقیع وا لێک دەئاڵێن، کە ئێمە لە دوو یان یەک کەس بوونی کەسایەتی «کچە مانتۆ خەنەییەکە» و «پەریخان» دڕدۆنگ دەبین:

«هەر مانتۆ خەنەییت لێ جوانە نییە پەریخان، تۆ هەموو رەنگێکت لێ جوانە...» (ل١٣٨)

بەرچاوترین شێوەی سڕینەوەی قەتعییەت لەم کۆمەڵە چیرۆکەدا لە چیرۆکی «شەوانی بەفری»دا دەبیندرێ. پێکهاتەی رەوایەتی ئەم چیرۆکە ساختاری گوزارەی شەرتییە:

رستەی ئەگەر وەڵامی ئەگەر

ئەگەر وابێ دوا جار ئاوادەبێ

«ئەگەر لە ژنەکەی بپرسێ: پێتوایە ئەو شەوە بۆ ئەبێ بەسەر تۆدا نەڕاندبێتم؟ ژنەکەی بڵێ: کامە شەو؟ ئەو بڵێ: ئەو شەوە کە لەگەڵتا بەشەڕ هاتم و سێ شەو، بگرە زیاتریش لە یەک تۆراین .ژنەکەی دیسان بڵێ: کامە شەو؟ و ئەو بڵێ: ئەو شەوە کە لای پەنجەرەکە راوەستابووی و لە درزی پەردەوە لە دەرەوەت ئەڕوانی... ئەگەر ژنەکەی بەتوڕەییەوە بڵێ: ئەتەوێ حیسابی شەڕ و تۆرانەکانمان رابگری؟ و ئەویش لێبوردن خوازانە بێتە وەڵام: ئەمەوێ ئەو شەوەت بیر بێتەوە کە بەفر ئەباری و من بە سەرتا نەڕاندم و شەڕمان بوو. ژنەکەی ترساو نیگەران لێی ئەپرسێ: بۆ لەو شەوەدا چی روویداوە؟ ئەڵێ: نەکا شتێکم لێ بشاریتەوە؟

ئەو بە داماوییەوە ئەڵێ: «ژنان قسەیان لێ دەرناکێشرێ.» نەوەک بە ژنەکەی، بە خۆی ئەڵێ و پیاوێکی سمێڵ ئەستوور لە زەینیدا درێژەی ئەداتێ: «مەگەر بە زۆری دار و قامچی...» ئەو پێدەکەنێ.» (ل١٤٠ ـ ١٤١).. بەمجۆرە رەوایەت وەک جەستەیەکی ئۆرگانیک، لە قەتعییەت دەرەوێتەوەو لە کەشوهەوایەکی گومانەویدا هەڵدەسوڕێ.

لەم کۆمەڵە چیرۆکەدا نووسەر هەڵسوکەوتێکی دینامیک و (فعال)ی لە تەک رەوایەت هەیە و بە شێوەیەکی جیدی دەڕوانێتە رەگەزی رەوایەت و زەرفییەت و توانستە شاراوە و وزە دەکار نەکراوەکانی، هەوڵی ئازادکردنی ئەم وزەیە و تاقیکردنەوەی ئەم زەرفییەتانە دەدات. نەهایی لە دەقەکانیدا بەم روانگەیەوە، دەمانباتە دنیایەکی رەنگاوڕەنگی رەوایی و خوێنەری کورد ئەم هەلەی پێدەدرێ کە لە ناو جیهانی ئەدەبی داستانیدا، لە تەجرەبە ژیاوەکانی نووسەردا هاوبەش بێت و کتێبخانەی کوردی ببێتە خاوەن دەقێکی تەژی لە شێوازەکانی جوانیناسانەی رەوایی.



لەم کۆمەڵە چیرۆکەدا نووسەر هەڵسوکەوتێکی دینامیک و (فعال)ی لە تەک رەوایەت هەیە و بە شێوەیەکی جیدی دەڕوانێتە رەگەزی رەوایەت و زەرفییەت و توانستە شاراوە و وزە دەکار نەکراوەکانی


**سەرچاوەکان :**

١ـ کۆمەڵە چیرۆکی «ئەو باڵندە بریندارە کە منم»، عەتا نەهایی، چاپی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٤.

٢ـ رابگە ـ ریموند کارور.

٣ـ ساختار و تاویل متن ـ بابک احمدی.

٤ـ یوزپلنگانی کە با من دویدە اند ـ بیژن نجدی.